www.kurdistannet.org
21-8-2007 0:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

رووتکردنەوەیەک لەسەرنووسەری کوردستانی نوێ- وە

رۆژی (2007/8/17) کەژاڵ ئەحمەد بابەتێکی لەسایتی (کوردستان نێت!) بڵاوکردووەتەوە، کەوەڵامێکە بۆ نووسینێکی ڤیان مەجیدو تێیدا ناڕاستییەکی زۆر زەق و بێویژدانانە بەرامبەر کوردستانی نوێ کراوەو تیایدا هاتووە، کەگوایە کوردستانی نوێ بەهەڕەشەی مەسئول ئەو وەڵامەی بڵاونەکردووەتەوەو پێشتریش هەر بەهەڕەشەی مەسئول، نووسینی تر بەسەر رۆژنامەکەدا فەرزکراوە!

بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم بۆ هەموو لایەکی ڕوونبکەمەوە، کەئەم قسەیەی کەژاڵ ئەحمەد، جگە لەوەی دووڕە لەهەستکردن بەمەسئولییەت بەرامبەر، کوردستانی نوێ، کەخۆی تێیدا (سکرتێری نووسین)ە، لەهەمان کاتدا زەڕەیەك ڕاستی تێدا نییە، خۆیشی باش دەزانێت کەوتاری یەکەمی (قەڵەمەکانتان بشکێنن)، چۆن بڕیاری بڵاوکردنەوەیمداو هیچ هەڕەشەو گوشارێکیش (کە کەژاڵ باسیان دەکات) لەئارادا نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی وەك مافی رای بەرامبەر، ڤیان مەجید وەڵامیدایەوە، ئیتر بەپێویستمانزانی کەدەرگای ئەو شەڕە لەڕۆژنامەکەمان دابخەین، بەتایبەتیش کەخەریکبوو ڕەهەندی شەخسی تێدەکەوت، هەموو لایەکیش دەزانن کەکوردستانی نوێ بۆ پاراستنی هەیبەت و کەسێتیی خۆی لەکۆن و ئێستاشدا خۆی لەو جۆرە شەڕانە بەدوورگرتووەو دەگرێ.

بۆیە پێم سەیربوو کە وەڵامەکەیم بینی، بەزیادکردنی ئەو ناهەقی و ناڕاستیانە بڵاویکردووەتەوە، لەکاتێکدا خۆی سکرتێری نووسینی رۆژنامەکەیەو لەباتی ئەوەی مەسئولانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکات، هەر لەسەرەتاوە ویستی بەزۆر کوردستانی نوێ بخاتە خزمەت تێڕوانینە شەخسییەکانی خۆی، ئێمەش ئەوەمان بەهیچ جۆرێك قبوڵ نەکردووەو ناکەین، سەیرتریش لەوە ئەوەیە کەتۆ لەڕۆژنامەیەکدا سکرتێری نووسین بیت، بچیت نهێنی ناو ئیدارەدانی رۆژنامەکەت بخەیتە سەر سایت و لاپەڕەی رۆژنامەکان و موزایەدەی شەخسیی بەسەر (رۆژنامەکەت) دا بکەیت، چ جای ئەوەی کە ئەوەی کەژاڵ ئەحمەد باسیکردووە، نهێنی-ش نییە، بەڵکو هەڵبەستنی ناڕاستییە.

لەکۆتاییدا دەڵێم کوردستانی نوێ زۆر لەوە ناسراوترە کەبەرگریی لەمێژوو و شەخسیەتە بەهێزەکەی بکەین، کەگوایە بەهەڕەشەو گوشار کاردەکات، بەڵکو جگە لەوەی وەك رۆژنامەیەك کە ی. ن. ك دەریدەکات، ئاساییە بۆ هەندێك مەسەلەی پێویست و هەستیار، ڕێنماییەکانی سەرکردایەتیی حزبەکەی جێبەجێ بکات، بەدەر لەوە هیچ هەڕەشەو گوشارێکی لەسەر نەبووەو نییەو خۆمان لەزۆربەی مەسەلەکان و کاری رۆژانەماندا دوابڕیاردەربووین، هاوکارانیشمان لەناو رۆژنامەکە ئەو ڕاستییە بەباشی دەزانن، بەڵام نازانم کەژاڵ ئەحمەد بۆچی ئەو ڕاستییەی شێواندووەو ویستوویەتی کوردستانی نوێ لەکەدار بکات، کەسالانێکی زۆرە خۆی تیایدا کاردەکات.

سەرنووسەری
کوردستانی نوێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.